# گوتاری هۆکار و ئەنجام لە بەهەشتەکەی چیرۆکنووسێکدا

**غازی حەسەن**
**(ئەمریکا)**

### (بەهەشتی من)

کورتە چیرۆکێکە لە نووسینی چیرۆکنووس و وەرگێڕی دیاری کوردستان (جەلیل کاکەوەیس). لە ژمارە (٢٢٢)ی ٥-٩-٢٠٢٤ی گۆڤاری (ڕامان) دا، کە کەمتر لە هەزار وشەیە بڵاوکراوەتەوە. چیرۆکەکە بەکورتی: نووسەر خۆی خودنا گوتارە و قسە دەکات، باسی کەرکووکە و بە بەهەشتی من ناوی دەبات، پاڵەوانێکی (بۆرەی سەگە). کە دەبێتە قوربانی حەرەس قەومییەکان، پێگە و بوونێکی پیرۆز و بەها و ڕێزلێگیراوی هەیە و ئاماژە بە کولتووری داگیرکار و خوێناوی بیابان و درێژەکێشانی تا هەنووکە دەکات. زمانێکی هێماداری خودان نیشانەی زمانەوانییە، چڕە، گوتارەکەی ناڕاستەوخۆیە، پڕە لە فیکر و تێروانین و لێکدانەوە.

### بۆچی ئەم بابەتە

هەڵبژاردنی بابەت پێوەندی بە چەند شتێکەوە هەیە، منیش کە (چیرۆکی بەهەشتی من)ی (جەلیل کاکەوەیس)م هەڵبژارد، وەک دەقێکی نوێی چیرۆک، ململانێی کەسێکی سەرکوتکراوی وڵات (بەهەشت) لێ داگیرکراو لەلایەن (بیابانییەکان و حەرەس قەومی و هاوشێوەکانی). گوتنی زۆرترین شت بە کەمترین وشە، واتە کورتبێژی، شتگەل گۆی فرە بابەتە. زمانەکەی کردە قسە و گوتارێکی خودان دۆزی مرۆیی ڕادەپەڕێنێت.

دەقێکی زیندووە، هەنووکە بە مێژووی دوێنێ دەبەستێتەوە، زمانێکی چڕ، بابەتێک لەنێوان مرۆڤبوون و داپچڕاندن لە (مرۆڤ بوون)ـە. هێزی گوتن و پێویستی گوتنی شتەکان پێوەندییەکی کردەییان بە هۆکار و ئەنجامەوە هەیە.

### بۆ ئەم ناوونیشانە

یەکێک لە دەروازە سەرەکییەکانی چوونە نێو بابەت ناوونیشانە، کە دیوارێکی بەرز و لە هەمان کاتیشدا کلیلە بۆ ناسین و چوونە نێو بابەتەکان. (گوتاری هۆکار و ئەنجام بۆ بەهەشتنی منی جەلیل کاکەوەیس...) چەند پێناسە و ناسنامەیەکمان پێ دەناسێنێت، لەوانە (نووسەر/ خاوەنی گوتار/ قسەکەری سەرەکی/ خودانی بابەت و گێڕانەوە)،


(هۆکار و ئەنجام) وەک دوو بنەما (کار و کاردانەوە/ دەستپێک و کۆتایی/ هۆکاری ڕوودانی شتەکان و ئەنجامی وەدەستهاتوو)، (بەهەشتی من، لێرەدا پرسیاری من ئەوەیە کامەیان کامەی درست کردووە، بەهەشت منی هێناوەتە نێو ڕووداوەکان، یان من بەهەشتی خستووەتە نێو بابەتگەلێکی ئاڵۆز و بێ وەڵام و گریمانەی بێ کۆتایی).

لەتەک هەموو ئەوانەش (گوتار) بریتییە لە ڕاپەڕاندنی مەبەست و نییەت و پەیام و خواست و ژمارەیەک کردە قسە، لە ڕێگەی ئاخاوتن و قسەکردن و گێڕانەوەوە. گوتار یەکێکە لەو دامەزراوە فیکری و کولتووری و سیاسی و ئەدەبیانەی دەبێت لە ڕوانگەی جیاوازەوە دیقەتی لێ بدەین و شیکاری بکەین. گوتار فۆرمی ئاخاوتن و بیرکردنەوەی قسەکەری نێو دەقەکە، یان خاوەنی دەقەکەیە.

بۆیە گوتار و ناوونیشان هەردووکیان پێوەندییەکی بنەڕەتییان بە فۆرمی دەقەکە و چۆنیەتی چوونە نێو بابەتەکان و لێکدانەوە و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی خودی گوتاری دەقەکەوە هەیە. لێرەدا قسە لەسەر گوتاری (بەهەشتی من) دەکەین، یان (منی بەهەشتداری نێو بەهەشت و خاوەنی بەهەشت و دۆز و دنیابینی نووسەر) دەکەین.

## چیرۆکی نوێ

بەشێوەیەکی زۆر سادە دەق، یان چیرۆکی نوێی هاوچەرخی سەردەمیانە پشت بە چەند شتێک دەبەستێت و بەگشتی دەکرێت بڵێین (تەکنیک و فۆرم و شێوەی) نووسین، ئەوجا (ناوەرۆک و ئەو بابەتەی) قسەی لەبارەوە دەکرێت، وەک دوو پێکهاتە و بنەمای گرنگ پێوەندییان بە نوێبوونی دەقەوە هەیە، سەرباری ستایل و شێوازی نووسین و بەکارهێنانی ئەو



جەلیل کاکەوەیس

زمانەی شتەکان نەک تەنیا دروست دەکات، بەڵکوو دەیانباتە جیهانی بیرکردنەوە و کردار و وێناکردنیشەوە.

ناوەرۆک چییە و بۆچی؟ من لای خۆم ئەم بوارە بە چەند پێنگاڤێکەوە دەبەستمەوە، لەوانە: ١- گەنجێک لەم سەردەمەدا چی دەوێت و چۆن بیردەکاتەوە و چۆن پێوەندییەکانی بە کۆمەڵگەوە دەپچڕێت و بەرەو سنوورێکی جیاوازی خەیاڵی و واقیعی و فەنتازیا دەچێت. ٢- خودی نووسەر چی دەوێت و چۆن لە پێوەندییەکان دەڕوانێت و چ دەکات بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ئەو جیهانەی لەنێو خەیاڵ و ڕاستیدایە. ٣- ڕەگەزە جیاوازەکان چۆن ئەرک و پەیام و پێوەندییەکان دادەڕێژنەوە. ٤- دەوروبەری کولتوور و چینەکان و باری کۆمەڵایەتی و ئایین و سیاسەت چۆنە و چییە؟. مەبەستم ئەوەیە جۆری بابەتی سەردەمیانە و بیرکردنەوە و گوتاری تاک و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان و لاوەکییەکانی کۆمەڵگە

کاریگەری لەسەر نوێخوازی و هاوچەرخبوون هەیە.
سەرباری هونەری گێڕانەوە، ڕەوانبێژی کارا، ماناسازیی فرە ڕەهەند، وێنە و وێناکردنی بێ سنوور، کورتگوتن و دروستکردنی بۆشایی لە نێو گێڕانەوە و ئاخاوتنەکاندا، بۆ ئەوەی خوێنەر و وەرگر بیر لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکان بکەنەوە. چۆن گوتار دەبێتە سەرچاوە بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوە خودی گوتارەکە، بەڵام بە تێڕوانینی بەکارهێنەرانی گوتارەکە.
کورتە چیرۆک یەکێکە لە هونەرە ئاڵۆز و قورسەکان، نووسەر دەبێت خودانی توانابییەکی بەهێزی شتناس و زمانزان و دەربڕین و وێناکردنێکی کاریگەر بێت.

کورتە چیرۆک بۆ نووسەرانی نوێ تەنیا مەیدانی مەشق و ڕاهێنانی باش نییە، بەڵکوو خۆی لە خۆیدا فۆرمێکی هونەری دەوڵەمەند و پاداشتبەخشیشە، بەڵام وەک ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات، کورتە چیرۆکەکان هەم زیاترن و هەم لە ڕۆمانی بچووک کەمترن. کورتە چیرۆک فۆرمێکی جیاکراوە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بەم جۆرە داوای شێواز و لێهاتوویی و ڕەچاوکردنی جیاواز دەکات.

https://nationalcentreforwriting.org.uk/writing-hub/how-to-write-a-short-story-2/

لەم کورتە چیرۆکەدا نووسەر کۆشاوە، زۆرترین بیرۆکە و ڕووداو بە شێوەیەکی هونەری و زمانێکی چڕوپڕ لە کار و مەبەست و پەیام وەک باڵاخانەیەکی سادە، بەڵام پڕ لەشت لەناوەوە دروست بکات. یەک کورتە چیرۆک، بەڵام چەندان (مەبەست و ڕووداو و وێنە و بەسەرهات و بابەتی مێژوویی و ئەگەر و گریمانەی) لەخۆگرتووە، لەوانە (حەرەس قەومی، کوشتن و نیازی تاڵان و بڕۆ و سڕینەوەی ئێمە، کولتووری بیابانی و بەردەوامی ئەم کولتوورە لەم سەردەمەشدا، کۆڕ و کۆبوونەوە، بایەخدان بە سەگ وەک پاڵەوانێکی وەفاداری پەیامهێن، پەیکەر و بەشداری (سابات) لە دروستکردنی ئایینەدە، کە بریتییە لە پەیامی دروستکردنی پەیکەرێک بۆ (سەگێک کە ناوی بۆرەیە). سەرباری دۆخی دەروونی و دابڕان و قسەکردن لەبەرە خۆیەوە، لەنێو کۆڕەکە و بیرهاتنەوە و قسەکردن لەسەر ئازاری کوشتوبڕ و کوشتنی بۆرە و تاد..
چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و مامۆستای زانکۆ (Jenn Ashworth) لەبارەی چیرۆکنووسی و ئەزموونی خۆی دەبێژێت:
ڕۆمانێک شوێنت بۆ برێکی دیاریکراو لە کێشە و چێژوەرگرتن پێ دەدات، چێژ لە زیادەڕۆیی، خاوبوونەوە، لە دووبارەکردنەوەدا هەیە. ڕۆمانی باش دەتوانێت هەموو ئەوانە لەخۆ بگرێت. کورتە چیرۆک وەک کاتژمێرێکی ئاڵۆز وایە، هەموو توخمێک دەبێت هەژمار بکرێت و دەبێت زۆر بە شێوەیەکی ئەنقەست پێوەندی بە هەموو شتێکی ترەوە هەبێت. کورتە چیرۆک بۆ من ئەزموونێکی تەواو جیاوازە، ئەمە خاڵی تەقینەوە و لێدانە، وەک تەقەیەک لە شتێک بدرێت. چڕنووسیی پشت بە کورتی و پوختی دەبەستێت.

https://nationalcentreforwriting.org.uk/writing-hub/how-to-write-a-short-story-2/

لە ڕووی هونەرییەوە چیرۆکەکە وەک کاتژمێرەکە وایە، هەموو شتێک پێوانە دەکات و قسە و ئاخاوتنەکان و دەربڕین و گێڕانەوە و بەشداری کارەکتەرەکان بە حیساب و کیتاب بەکارهێنراون، چێژ بە خوێنەر دەبەخشێت، چێژێک کە هۆکارە بۆ بیرهاتنەوەی ئازارە مێژووییەکانی هەموومان، واتە گوتاری هۆکار (ڕووداوە مێژووییەکان) ئەنجامە بۆ (لەبیرنەکردنی سەرچاوەکانی ئەم

ئازارانـەی دەمێکـە و بـە بەردەوامـی تووشـی مـن/ ئێمـەی ئـەم بەهەشـتە) دێت. گوتارەکە هـۆکار نییە بـۆ ڕق و کینـە، بـەڵام ئەنجامـە بـۆ لەبیرنەکردنـی ئـەو ئازارانـەی بوونەتـە هـۆکار بـۆ کوشـتن و لەناوبـردن و بیرۆکـەی سـڕینەوەی (بەهەشـتەکەی مـن)، لەهەمـان کاتـدا بیرهێنانـەوە هـۆکارە بـۆ خسـتنەڕووی (کولتـووری بیابـان وەک سـەرچاوەی نەهامەتـی و لەناوبـردن). ئـەم جێگۆڕکێیـە لەنێوان هـۆکار و ئەنجـام لەچوارچێـوەی بایەخـدان بـە چۆنیەتـی بەکارهێنانـی کات ڕووی داوە. هیـچ کاتێکـی زیـاد، هیـچ کەرسـتەیەکی بۆگەنبـوو، هیـچ کارەکتەرێکـی بێـکار و هیـچ وشـەیەکی بـێ ئـەرک لەنێـو ئـەم کورتـە دەقـەدا هەسـت پـێ ناکرێـت.

## بیرۆکەکان

کاتێـک بیرۆکەیەکـم هەیـە، دەزانـم بیرۆکـەی کورتـە چیرۆکـە، یـان بیرۆکەیەکـی ڕۆمانسـی، مـن ئەوەنـدە بیرۆکـەی ڕۆمانـم نییـە، ڕەنگـە هـەر چـوار، یـان پێنـج سـاڵ جارێـک یەکێکیـان بێـت، کاتێـک کورتـە چیرۆکێـک دەنووسـم، هەمـوو ئـەو کارە خەیاڵییـەی کـە بـۆ ڕۆمانێـک پێویستە، بۆ کورتـە چیرۆکیش پێویستە، دەبێت هەمـوو جیهـان و هەمـوو چیرۆکـی پشـتەوەی کارەکتـەرەکان بزانیـت و ئەگـەر مایکرۆفۆنەکەیـان پـێ بدرێـت چـی دەڵێـن، هـەروەک چـۆن لەگـەڵ ڕۆمانێکـدا دەیڵێیـت. جیـاوازی ئەوەیـە، کـە لەگـەڵ کورتـە چیرۆکێکدا، تـۆ هەڵـی دەبژێریت، کـە کام بەشـەکانی ئـەو چیرۆکـە بـۆ خوێنـەر دەگوێزیتـەوە، ئەمـەش لەکردەوەدا زۆر قورسـترە لـە کاتـی نووسـینی ڕۆمـان.

https://nationalcentreforwriting.org.uk/writing-hub/how-to-write-a-short-story-2/

دەکرێت (بەهەشتی من) بیرۆکە و فیکرە و ڕووداو و بەسـەرهاتەکانی ئـەم کورتـە چیرۆکـە کەرەسـتەی ڕۆمانێـک بێـت، چونکـە کەرکـووک خـۆی ئازارێکـی مێژووییـە. ئایـا دەزانیـت هەندێـک جـار نووسـینی کورتـە چیرۆکێـک و کورتکردنـەی بیرۆکە و ڕووداو و بەسـەرهات و گوتـاری دەقەکـە، لـە چـاو نووسـینی نۆڤلێتێک، یـان ڕۆمانێـک پتـری لـە کات پێویسـت دەبێـت. جەلیـل کاکەوەیـس بیرۆکـەی (بەهەشـتی مـن/ کەرکـووک) و (پەیکـەری پێشـمەرگە و لادانـی ئـاڵای نەتەوەیـی، دانانـی ئـاڵای نامـۆ لـە شـوێنی) و (حەرەس قەومی) و (سـەگ و هەبوونی سـەگ و پێوەنـدی بـە ئیمـان و پیـرۆزی و مرۆڤـەوە)، ئەمانە بیرۆکـەی بـێ کۆتاییـن لەپێنـاو نووسـینی دەقـی درێـژ، ڕۆمـان، بـەڵام نووسـەر وەسـتاکارانە و بـە زمانێکـی چڕوپـڕ و تـژی لـە مانـا و مەبەسـت ڕۆی نـاوە.

## جیهانسازی لەلای جەلیل کاکەوەیس

کورتـە چیـرۆک و کورتـە ڕۆمـان، یـان نۆڤلێـت و ڕۆمـان پێوەندییـان لەگـەڵ کات و شـوێن و مـردن و زۆر شـتی تـرەوە هەیـە، وەک شـیعر و درامـا، بەتایبـەت درامـای ڕادیۆیی. لـەو فۆرمانـەی دواییدا زیاتـر لەبـارەی کورتـە چیرۆکـەوە فێـر بـووم، وەک لـەوەی لـە ڕۆمانەکانـەوە فێـری بـووم.

https://nationalcentreforwriting.org.uk/writing-hub/how-to-write-a-short-story-2/

ئەم جیهانسازییە لە بەهەشتی مندا، جیهانسازییەکی جیـاوازە، لـە ڕێگـەی (بـۆرە)وە بـە ناسـنامە و گوتـاری ئـەم جیهانەمـان ئاشـنا دەکات، کـە زوڵـم و تواندنـەوە و داگیرکردن و سـڕینەوەی ئەوانی دیکەی تێدایە، لەهەمان کاتـدا بـۆرە لـە ئازایەتـی و لێوەشـاوەیی کەسـەکان باشـتر نیشـان دەدات. لـەو شـوێنە دەسـت پـێ دەکات، کـە هۆڵێکـە (سەگناسـێکی شـارەزا) گوتـار لەبـارەی سـەگەوە پێشـکەش دەکات. قسـەکەر (سەگناسـێکە)،

قسە لەبارەی جیهانی سەگ و چۆنیەتی بایەخدان بە سەگ و جیهانی سەگناسی دەکات و دەیەوێت پەناگەیەکی حەوانەوەیان بۆ دروست بکات. ئەم جیهانبینییە وەک ئەوەیە لە مرۆڤ بێزار بووبێت و متمانەی بە ئەفسانە و ئازایەتی و لێوەشاوەیی مرۆڤ نەمابێت، بۆیە (بۆرە)ی کردووەتە پاڵەوانێک لە دەرەوەی خووە مرۆییەکان.

گوتاری چیرۆکنووسیش بریتییە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی (بۆرە) و پێوەندیی بە مێژووی قڕکردنی مرۆڤێکەوە هەیە کتومت (کوردە)، بێ ئەوەی ناوی کورد بێت، بەڵام دەوروبەر و ژینگە و بەسەرهات و بیرەوەرییەکان هیی کوردن، لە (کەرکووک) و لە ئێستا و ڕابوردوو کارەساتی بەسەردا هاتووە.

قسەکەری سەرەکی چیرۆکەکە خودی (من/ چیرۆکنووس/ جەلیل کاکەوەیس)ە. کەسانی دیکە دێنە نێو قسەکانی ئەو و بیرەوەرییەکانی. (بۆرە) بە زمان دێت و کردەی هۆشداری و بەئاگاهێنانەوە و خستنەڕووی مەترسییەکان ڕادەپەڕێنێت.

چیی دەنووسین و چ بابەتێک سەرەکییە و چۆن فۆرم و ناوەڕۆک هاوسەنگ دەبێت. من ئەوەی دەیبینم چیرۆکنووس نایەوێت هونەری چیرۆکنووسی بکاتە قوربانی بابەت و ئەو باسەی هەڵیبژاردووە. هەندێک لەپێناو جووڵاندنی سۆزی خوێنەر بایەخ بە گوتاری قسە لەسەر ئایدیۆلۆژیا و کێشەیەکی سۆزداری، یان بابەتێکی نەتەوەیی دەکەن، ئەمە دەبێتە ناسنامەی سەرەکی دەقەکە، هەشە هونەری دەقنووسیی باڵادەست دەکات، وەک ئەوەی لە نووسینەکانی (جەلیل کاکەوەیس)دا دەردەکەوێت، بێ ئەوەی ناوی کورد بێت، دەتوانرێت مرۆڤ، یان گرووپێکی مرۆڤ بدۆزینەوە چەوساوە بن و پێویستیان بە پەیکەری موژدەبەخش بێت.

هۆکارەکانی جیهانسازی، بیناکردنی جیهانێکی جیاواز و تایبەت بە دەقە چیرۆکەکانی چییە؟ کە دەقەکە دەخوێنیتەوە هەست بە جیهانێکی دەروونی پەراوێزخراوی شڕ دەکەیت، یان جیهانی باڵادەستی و خۆسەپێنی ئەوانی دیکە دەکرێت، کە چەوسانەوە و زوڵم و کوشتن و غەدری تێدایە.

چیرۆکنووس لەخۆڕا و بێ هۆکار هەڵبژاردنی (سەگ) بۆ نیشاندانی ئەنجامی جیاوازیی نەکردووەتە پەیامی گوتارەکەی، بگرە دێت لە نێوان وەفا و هۆشیاری و بەئاگایی سەگێک لەگەڵ مرۆڤەکان بەراورد دەکات، بەبێ ئەوەی بە تەرازوو بیانکێشێت، کە ئەم سیفەتانەیان نییە، یان (لە توخمی مرۆڤ دابیڕیون)، واتە هۆکار ئەوەیە کە مرۆڤ خراپن، دابڕاندنی سەگ لە توخمی مرۆڤ ئەنجامە. لە شوێنێکی دیکەدا لەبارەی ئەنجامەکەوە بەڕاشکاوی شتێک دەگێڕێتەوە، کە ئەوەیە: (سەگ دەڵێت: ئەم حەرەس قەومییە بێمەزەبانە هەر بە کوشتنی من واز ناهێنن، بەڵکوو قەستی ڕوح و سەروماڵی ئێوەش دەکەن تا لەڕیشەوە دەرتان نەهێنن واز ناهێنن)، ئەمە هۆکارە بۆ نیشاندانی ئەنجامی پێشبینکراو، واتە دوو جۆر ئەنجام نیشان دەدات:

**یەکەم:** ئەوەی ڕووی داوە و ئێستا ڕوودەدات.

**دووەم:** ئەوەی لە ئایندەدا ڕوو دەدات و پێشبینکراوە، یان بریتییە لە کردەی هۆشداری و بەئاگاهێنانەوە، بێ ئەوەی خۆی وەک ڕێبەرێکی سیاسی، یان مامۆستا و ڕیش سپییەک نمایش بکات.

## ئەنجام

پاڵەوانێک کە ئارەزووی دیاریکراو، یان پێویستییەکی دیاریکراوی هەبێت، زۆر گرنگە

پاڵەوانەکە شتێکی بوێت، کە ڕاستییەکەی ئەو شتە نییە، ئەگەرنا چیرۆکەکە بەرەو پێشەوە ناچێت.

بۆ دروستکردنی دووڕیانێکی ڕوون، پێویستمان بە پاشخانی زۆری نێو چیرۆک نییە بۆ ئەوەی بزانین دووڕیانەکە چۆن دەستی پێ کردووە؛ ئێمە بە پلەی یەکەم خەمی ئەوەمان هەیە، کە پاڵەوانەکە چۆن چارەسەری شتەکان دەکات.

**زانین:** وەک پێویستە بزانین چ بڕیارێک لەلایەن پاڵەوانەکەوە دەدرێت بۆ ئەوەی کێشەی دووڕیانەکەیان پێ چارەسەر بکات.

**لووتکە:** لووتکەی چیرۆکێک ئەو کاتە دەردەکەوێت، کە گرژییەکە دەگاتە لووتکە و خوێنەر دەرئەنجامی بڕیار (بڕیارەکانی) پاڵەوانەکە دەدۆزێتەوە.

**دەرئەنجام:** چۆن خودی لووتکە پاڵەوانەکە دەگۆڕێت؟ ئایا ئەوان کەسێکی جیاوازن؟ ئایا فەلسەفە، یان تێڕوانینێکی جیاوازیان لەبارەی ژیانەوە هەیە؟

https://writers.com/how-to-write-a-short-story

لەم چیرۆکەدا زانیاری و زانین بە ئاماژەکردن بە کەمە پاشخانێکی کورت بێ چوونە نێو زانیاریی زۆر لەنێو گوتاری چیرۆکەکەدا بەرجەستەیە، لووتکە هەیە و ئەنجامیش ئەوەیە کە (سابات) پەیکەر بۆ بۆرە دروست دەکات و دەبێتە مایەی موژدەیەکی باش و گونجاو.

## هۆکار و ئەنجامی نەگوتنی هەموو شتێک

لایەنێکی دیکەی هونەری نووسینی کورتە چیرۆک، دۆزینەوەی تەکنیک و فۆرمی نووسینە وەک هۆکارێک بۆ ئەوەی زۆرترین شت بە کەمترین وشە ببێژێت، تا ئەنجامێک بەدەست بهێنێت، کە ئەویش هونەری هاندان و جووڵاندن و بەئاگاهێنانی خوێنەر و وەرگری گوتارەی دەقەکەیە، بۆ ئەوەی (بیر بکەنەوە)، واتە ئەنجام هاندانی خوێنەرە بۆ (بیرکردنەوە و بەکارهێنانی عەقڵ و لێکدانەوە و دروستکردنی ئەنجامێک) کە ڕاستەوخۆ نەگوتراوە.

بۆیە کەمگوتن و چڕکردنەوەی شتەکان لەنێو دەقی کورتە چیرۆکدا هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێک کە پێوەندی بە هاندانی خوێنەرەوە هەیە، تا عەقڵ و توانایی فیکری و زانین و هۆشیاری خۆی شان بەشانی نووسەرەکە بەکار بهێنێت بۆ تەواوکردنی دەقەکە، ئەمەش وەک هۆکار وەرگری گوتارەکە هان دەدات پەنا بۆ زانین و دۆزینەوەی شتەکان لە لووتکە و دەرەنجامەکان ببات.

بۆیە وەک هۆکار نووسەری ئەم دەقە کاری کردووە هەموو شتێک نەداتە دەست خوێنەر، واتە پیازێکی سپیکراوی دروست نەکردووە، بەڵکوو وایان لێ دەکات پتر لە جارێک دەقەکە بخوێننەوە، وایان لێ دەکات بیر بکەنەوە و پشکنین بۆ (کات و شوێن و نیشانە و هێماکانی نێو دەقەکە بکەن). لێرەدا خوێنەر دەگێڕێتەوە بۆ نێو هۆکارەکانی بوونی (غەدری مێژوو، چەوساندنەوە، نەتەوە، کەرکووک و کێشەکانی، پەیکەرێک بۆ بۆرە و هێز دانە دەست کچێک، کە دیار نییە ناسنامە و کەسایەتییەکەی چییە، بەڵام ئەو کچەکە بە کلیلی چارەسەر و ئەنجام دادەنێت و پەیکەری بۆرە بەو دروست دەکات، یان ڕەتکردنەوەی هەندێک شت بە ناڕاستەوخۆیی، هۆشداری و بەئاگاهێنانەوەی تێدایە).

## پێکهاتەکانی دەقەکە

**گفتوگۆ:** لەنێو ئەم دەقە کورتەدا گفتوگۆ هەیە

لەنێـوان (نووسـەر لەناخـی خۆیـدا)، (نووسـەر/ مـن لەگـەڵ سـابات)، (سـەگناس لەکاتـی ئاخاوتـن لەنێـو هۆڵەکـە)دا. داوا لـە ئامادەبـووان دەکات، ئـەوان قسـە بکـەن، وەک کاردانـەوە و ئەنجـام).

**بیرکردنـەوە:** لـەم بـوارەدا چیرۆکنـووس کارامانـە شێوازی بیرکردنەوە وەک گەڕانەوە بۆ بەسەرهاتەکانی پێـش ئێسـتا و بیرکردنـەوە لـە چارسـەر و ئەنجـام و هـۆکار بەکارهێنـاوە. نـاوی کەرکووکـی نەهێنـاوە، بـەڵام لـە بیرکردنـەوەدا ئەوەمـان پـێ نیشـان دەدات، کـە مەبەسـتی نووسـەر کەرکووکـە.

**گێڕانـەوە:** هونەرێکـی دیکەی نوێی چیرۆکنووسییە، ئـەو لـەم پێوانـە بچووکـەدا زمان و تەکنیکـی گێڕانەوە بـەکار دەهێنێـت، ئەمەش لایەنێکی گرنگی سـەرکەوتن و کاریگەریـی دەقەکەیـە. ئـەو بەسـەرهاتی مێژوویـی، بەسـەرهاتی خـۆی و بـۆرەی سـەگ و دەوروبـەری خۆی دەگێڕێتـەوە. لەنێـو کەمتریـن وشـەدا زۆرتریـن شـتی مێژوویـی دەگێڕێتـەوە، کـە دەکرێـت ئەمانـە هـۆکار بـن بـۆ بەدیهێنانـی ئەنجـام، مەرجیـش نییـە ئەنجامـەکان بەپێـی خواسـت و مەبەسـت و ویسـتی خـودی چیرۆکنـووس بـن.

**خەیاڵ:** خەیـاڵ یەکێکـە لـە پێکهاتە بـاوە دیارەکانی دەق، کـە هێـز دەداتـە نووسـەر زەمینەسـازی بـۆ شـتێگەلێک بـکات، کـە مـرۆڤ ئارەزوویـان دەکات، یـان ڕقـی لێیانـە و ناتوانێـت لـە واقیعدا بەرجەسـتەیان بـکات. بـۆ دروسـتکردنی هێـزی پێویسـتی چیـرۆک، واقیـع و خەیـاڵ دەگۆڕێـت و دەکرێـت هەندێـک خەیـاڵ هـۆکار بـن و هەندێکیشـیان ئەنجـام.

**ئەفسـانە:** سـوودی لـە ئەفسـانە، یـان گۆڕانـی هێزێکـی ئاسـایی سروشـتی بـۆ هێزێکـی بەهێـزی ڕزگارکـەر و تۆڵەسـتێنی نەبینـراوی خەیاڵـی بکات، چیرۆکنـووس دەڵێـت: (هـەر لـەم کاتـەدا گوێـم لـە لرخەیەکـی بۆرەی نیـوە گیـان تێداماوە بـوو، لەگـەڵ لرخەکـەدا تیشـکێک لـە شـێوەی واشـە، یـان هەڵۆیەکـی تـووڕە چەشـنی هەورەبرووسـکە دوای دوو چەتەوڵـە بیابانییەکـە کـەوت، ئیـدی لـەو سـاتەدا نازانـم خەیـاڵ بـوو، یـان ڕاسـتی باڵنـدە تیشـکەکە هـەردوو بکـوژی بـۆرەی لـوول دا و کراسـە ئاودامانەکانی لەبەریـان داماڵـی و بەڕووتی هەیپیایـان لـێ کـرد و لەبەرچـاوم ونداببـوون).

ئەمـە سـوود وەرگرتنـە لـە ئەفسـانە و لرخەیـەک دەگۆڕێـت بـۆ (واشـە، یـان هەڵۆیەکـی تـووڕە) وەک (هەورەبرووسـکە) و بـەم شـێوەیە هێـزی داگیرکـەر ڕادەماڵێـت.

**پێوەندیی:** یەکێک لە ئەرکە سـەرەکییەکانی گوتاری دەق بەدیهێنانـی کـردەی پێوەندکردنـە لەنێـو گوتـاری دەقـدا. ئامانجـی دەقنـووس لەتـەک سـازاندنی کەشـی بیرکردنـەوە و وێناکردن و جوانینووسـی و بەدیهێنانی دنیایەکـی جیـاواز لەنێـو وشـەدا، ڕاپەڕاندنـی کـردەی پێوەندیکردنـە لەنێـوان (سـەگوانی قسـەکەر لەنێـو هۆڵەکـە) و (نووسـەر) و (سـابات) و (بەهەشـتەکەی مـن) و (مێـژوو) و (حـەرەس قەومـی و جلکشـۆڕەکان) و (پەیکـەر) و (مـژدەی سـەفرازی) و (زێـدی مـن) و دانانـی لـەو شـوێنەی پەیکـەری پێشـمەرگەیە، کـە بیابانییـەکان لەبـری ئـاڵا سـێ ڕەنگییەکـەی خـۆی، ئاڵای نامۆ و بیابانیـان داوەتـە دەسـتی). (پێوەنـدی نێـوان سـەگ و مـرۆڤ).

**پاڵـەوان:** بـۆرەی سـەگە بـە وەفایەکـە، کـە حەرەس قەومییـە بیابانییـەکان کـە هێمـا و ئاماژەیـە بـۆ (عەرەبی داگیرکەر، حەشـدی شـەعبی دەسـتخۆێنین و خاوەنـی ئـاڵای نامـۆی بیابانـی). خـودی چیرۆکنـووس پاڵەوانێکـە، پاڵەوانەکانـی ئـەم دەقـە هەمـوو شـتزان نیـن، واتـە تاکـە پاڵـەوان لـە ئـارادا نییـە، بەڵکـوو توانایـی و هێـز دابـەش کراوەتـە سـەر بەشـداربووە ئامادەبـووەکان. (بـۆرە) وەک گیانەوەرێـک هێـز و توانایـی و ئەرکـی پـێ بەخشـراوە. مەبەسـتم ئەوەیـە (بـۆرە/ سـەگەکە) پاڵەوانێکـە کـە بووەتـە قوربانـی،

بەڵام فەلسەفە و تێڕوانین و دنیاسازییەکی تایبەتی هەیە و (دەئاخڤێت و هۆشداری دەدات و بیردەکاتەوە و ئامادەی نێو ڕووداوەکانە).

**هێما و نیشانە:** لەم دەقە کورتەدا چیرۆکنووس وەک هۆکار بۆ هاندانی خوێنەر و بەکارهێنانی عەقڵ و توانایی فیکری و مەعریفییان پەنای بۆ هێما و نیشانە بردووە، بۆ نموونە لە ڕێگەی (ئاماژە کردن بە پەیکەری پێشمەرگە دەزانین مەبەستی کەرکوکە) بێ ئەوەی (ناوی کەرکووک بهێنێت)، ئەوجا (کەرکووک بە بەهەشتی من دەچوێنێت)، (بیابانییەکان هێما و نیشانەن بۆ فیکر و کولتووری داگیرکاری و وێرانکاری و سڕینەوە و کوشتوبڕ و خوێناویی عەرەب، بێ ئەوەی ناوی عەرب و هێزە عەرەبییە دڕندەکان بهێنێت). (سەگ نیشانەیە بۆ وەفا و مرۆڤ نیشانەیە بۆ بێ وەفایی و دڕندەیی). (سابات نیشانەیە بۆ بوون و ڕۆڵی ئافرەت لە چارەسەر و دۆزینەوەی بیرۆکەی دەربازبوون و بەشداری لە کردەی پێوەندیکردن و ئاکام و ئەنجام).

(بۆرە قسە دەکات و بەزار دێت، ئەمەش پێدانی هەندێک لە سیفەتەکانی مرۆڤە بە گیانەوەر، بەتایبەتی بۆرەی سەگ). (دەنگێکی ترساو) هێما و نیشانەیەکی دیکەیە بۆ بوونی پێکهاتەیەکی چەوساوەی زۆرلێکراو کە دەڵێت: «هۆو خەڵکینە، واهاتن، حەرەس قەومی وەکوو کولەی پێکورەی بیابان هاتن».

(حەرەس قەومی) هێما و نیشانەیە بۆ (ڕووداوە مێژووییە خوێناوییەکانی عەرەبی عێراق دژی کورد و نیشانەیە بۆ بەردەوامی زوڵم و کوشتار و داگیرکاری، هێمایە بۆ تۆقین و چەوسانەوە و نادادپەروەری و درێژەکێشانی کولتووری بیابانی، کە کولتووری خوێن و تاڵان و بڕۆ و کوشتاری عەرەبە دواکەتووە بیابانشینەکانە).

## دەبێت بیزانین

وەک (جاک ئێم بیکام) ئاماژەی پی کردووە دەبێت هاندەر و وەڵام و هۆکار و کاریگەرییەکان ڕێنمایی و ڕێنیشاندەر بن بۆ ئەوەی ڕوونی و متمانەی باشتر دروست بکرێت، بۆیە ئەو پێی وایە هاندەر دەبێت دەرەکی بێت و کردار، یان دیالۆگیش وەک شایتەحاڵ وایە، وەڵامدانەوەش دەبێت دەرەکی بێت و بۆ هەر هاندانێک دەبێت وەڵامێک دابین بکرێت و بۆ هەر وەڵامێکی خوازتراویش، پێویستە هاندەرێک دابین بکرێت، بۆیە هەر کەمتەرخەمییەک دەبێتە مایەی سەرلێشواندنی خوێنەرەکە، ئەمەش کارێکی بێزارکەرە، یان متمانە لەدەست دەدرێت و خوێنەر بڕوا بە چیرۆکەکە ناکات.

https://thewritepractice.com/cause-and-effect-story/

ئەمە زۆر بەسادەیی چیرۆکنووس دەبێت لە گەڕان بەدوای هۆکار و ئەنجام، بیر لە ڕوونی نووسین و بەدیهێنانی متمانە بکاتەوە، ئەمانەش شتێکن لە دەرەوە دێن، وەک هۆکار و ئەنجام، یان پرسیار و وەڵام و بیرکردنەوە و چارەسەر وان. لەم دەقەی (جەلیل کاکەوەیس)دا ڕەنگە سەد لەسەد ئەم بیرۆکە و بۆچوونە پەیڕەو نەکرابێت، بەڵام هۆکارەکان لە دەرەوەی بەهەشتەکەی منەوە هاتوون، بەجۆرێکی دیکە کولتووری بیابانی لە دەرەوە هێنراوە، ئاڵای نامۆ لە دەرەوە هێنراوە، واتە هۆکارەکان دەرەکین کە بوونەتە سەرچاوەی خراپەکاری و ترس و قڕکردن.

## ستراتیژی دەقەکە

کە بیرم کردەوە چۆن لە ڕووی فەلسەفییەوە ژمارە پرسیارێک دروست دەکات، بەهەمان شێوەش لای من ژمارە پرسیارێک لە کاتی

خوێندنەوەی چەندان جارەی ئەم کورتە چیرۆکە دروستبوو، کە بریتین لە گریمانە و پێشگریمانەی فیکری، پێوەندی نێوان سەگ و مرۆڤ و پیرۆزی، پێوەندی نێوان کولتووری بیابان و بەهەشتی من، دەتوانرێت لەم دەقەدا چەند ستراتیژێکی بەهێز و سەرەکی دەستنیشان بکەین، کە بێگومان پڕە لە شتی دیکەش و دەبنە مایەی بەهێزکردن و پشتەی کردە ستراتیژەکان وەک:

**یەکەم:** «ئاخۆ توخمی سەگ ئەم حەمکە ئەمەک و گیانفیداییە لە کوێ و چۆن فێربووە، پەندی لە چ تێکشکان و نسکۆیەک وەرگرتووە تا بەم ئاوهایە گیانبازی بکات!؟».

**دووەم:** «لە نیگا خەمینەکەیەوە دیاربوو یەکجار هاوسۆزمە و ئەویش مناسا لەم حەشیمەتە دابڕاوە و کۆنە برینێکی کولاوەتەوە».

**سێیەم:** «هەر لەسەرەتای کۆڕەکەوە تۆ لەم حەشیمەتەی ناو هۆڵەکە دابڕابوویت باسی مێژوویەکی تاڵت بۆ خۆت دەکرد..».

**چوارەم:** «ئەرێ قارەمانی ناو داستانەکان ئەوەندەی بۆرە بە زیندوویەتی ماونەتەوە!؟».

**پێنجەم:** سەگناسی شارەزا : دەبا ئێمەش سەگە بێ نەواو و بێ خودانەکان لە شەڵتەرێک کۆبکەینەوە و لە نەهامەتی ڕزگاریان بکەین و ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ دابین بکەین».

**شەشەم:** «خۆزگە پەیکەرسازێک پەیکەرێکی بۆ بۆرەی هاوڕێم دروست دەکرد».

**حەوتەم:** «لەو شوێنە دایدەنێم کە زێدی من و بۆرەیە، لە دەروازەی ئەو شوێنەی کە ناوم ناوە (بەهەشتی من)».

بۆ سەگە بۆرە؟ بۆ بەهەشتی من کەرکووکە؟ بۆ پەیکەرسازە ڕزگارکەرەکە کچێکە؟ بۆ سەگوان گوتار پێشکەشی خەڵک دەکات و ئامانجی کۆکردنەوەی سەگەکانە لە شوێنێکی ئارام و پەنایەکی پارێزراو؟ بۆ دابڕان لە نێو کەشی کۆڕەکە لەنێو هۆڵەکە و گەڕانەوە بۆ مێژوو و ڕووداوە خوێناوییەکان؟ بۆ ئەشکەوت و سەگەکەی یاوەران؟ بۆ کوشتنی بۆرە لەلایەن بیابانییەکانەوە؟ بۆ پەیکەری پێشمەرگە و دانانی ئاڵایەکی نامۆ؟ بۆ دابڕاندنی لە توخمی مرۆ؟ بۆ دەنگی ترساو؟ دەیان ورتکە پرسیار و گریمانەی دیکە.

منی خوێنەر لام ڕوونە ستراتیژی دەقەکە ناساندن و پێناسەی کەرکووکە وەک بەهەشتێکی من، واتە کەرکووک شوێنێکی پیرۆز و خەیاڵێکی یەکجار گرنگ و خۆشە. ستراتیژی دەقەکە ئەوەیە کە داگیرکردن و کوشتن و کولتووری بیابان بەردەوامە و نابڕێتەوە و ئامانجیان بڕینەوەی تۆوی ئەوانەیە کە کەرکووک بە بەهەشتی خۆیان دەزانن.

## دوماهی و پوختەی قسە

بیر دەکەمەوە: ئایا (بەهەشت) هۆکارە بۆ ئەنجامی هەبوونی (من)، یان (من) هۆکارم بۆ بەدیهێنانی ئەنجامێک کە ناوی نراوە (بەهەشت). ناوونیشان هەمیشە کلیل و بناغەی سەرەکی پێکهاتەی دەقە. لە کردەوەدا چیرۆکنووس سەرکەوتووانە دەقەکەی بە ناوونیشانی دەقەکەوە بەستووەتەوە و هەموو ڕووداوەکان، شتەکان، بیرۆکە و وێنە و گێڕانەوە و بیرهێنانەوە و کارەکتەرەکان لە خزمەتی بەهێز و مانادارایی ناوونیشانەکەدان.

زمانێکی چڕ، بابەتەکان زیندوون و ئەرکیان لەنێو دەقدا بێزارکەر نییە، دەقنووس باسی هەست و نەستی خۆی، بیرەوەری و بەسەرهاتەکانی خۆی، یان دەوروبەری خۆی لەپێناو وەسفی (بەهەشتەکە) دەگێڕێتەوە. گفتوگۆیەکی نەپچڕاو لەنێوان (من و من لەناوەخۆ)، (سەگناس و حەشیمەتی خەڵک لە کۆڕەکە وەک کردەیەکی پێوەندیکردن لەنێوان

قسـەکەر و گوێگرەکانـی هەیـە). (سـابات لەگـەڵ دەقنـووس و منـی نێـو دەقەکـە هەیـە)، گفتوگـۆی (مـن لەگـەڵ سـابات)، (ئاخاوتنـی دەنگێکـی ترسـاو، واتـە کەسـی سـێیەمی نادیـار).

کۆتاییەکـی دڵخۆشـکەرە، چونکـە (ئـەو گفتـی پەیکەرێکـی پـێ دەدرێـت و سـابات بـە ڕوخسـارێکی گەشـەوە دوعاخوازیـی لـە قسـەکەری سـەرەکی دەکات، ئەوجـا لـەدوا ئاخاوتنـدا دەبێژێـت: دڵنیابـە، پەیکەرەکـە مـژدەی سـەرفرازی لەگـەڵ خۆیـدا دەهێنێـت). بـە واتایەکـی دیکـە لـە ئاماژەکـردن بـە هـۆکارەکان، ئەنجامـەکان ئەرێنـی و نەرێنـی نمایـش دەکات و چارەسەرەکەشـی لەکۆتاییدا ئەوەیـە گفتـی پەیکەرێـک بـۆ بـۆرە لەلایـەن ساباتەوە وەردەگرێـت و هۆکارەکەشـی ئەوەیـە بـە بوونـی پەیکەرێـک بـۆرە لـە دەروازەی (بەهەشـتی مـن)دا «ئیـدی بـۆرە بـێ ئـەوەی حەپەیـەک لـە زاری دەربچێـت، بەبـێ دەنگـی ترسـێک دەخاتـە دڵـی ئـەو بیابانییانـەی کـە بەناوێڵـی، چـاو دەبڕنـە زێـدی مـن و بـۆرە».

دەردەکەوێـت (جەلیـل کاکەوەیـس) بەهەشـتێکی لەنێـو زمانـدا دروسـت کـردووە، ئەو دەقێکـی هونەری بیناکـردووە و بیناسـازی مـرۆڤ و جیهانخـوازی و نەهێشـتنی زوڵـم و سـەرکەوتنی بـۆرەی تێدایـە. ئـەو لای گرنـگ نییـە چیرۆکەکـەی چەنـد درێـژە، یـان چڕکراوەتـەوە، بەڵکـوو دەیەوێـت ئەوەمـان نیشـان بـدات چەنـد کەرەسـتە و شـت و بابەتـی بـە زمانێکـی پوخـت و پـاراو دەخاتـە نێـو فۆرمـی چیرۆکـەوە.

چیرۆکنـووس ئـەو شـتانەمان بـۆ دەگێڕێتـەوە کـە هـی خۆیەتـی و خـۆی بـڕوای پێیانـە، هەموو شـتەکان لـە جیهانـی بیرکردنـەوەی ئـەودا دەسـت پـێ دەکـەن و گەشـە دەکـەن و دەمێننـەوە و هیـچ ناسـنامەیەکی نەتەوەیـی سـنووردار بەکـەس نـەدراوە، تەنیـا بـۆ بیابانییەکانیـش هـەر وایـە، تەنیـا ڕەفتارەکانیـان و کولتوورەکەیـان بووەتـە پێناسـە و ناسـنامەیان.

زمانەکـەی ناسـنامەی دەقەکەیەتـی ئـەو لەگـەڵ بیرۆکـە و بابەتـەکان دەژیـت، هەسـت ناکەیـت هیـچ شـتێکی دروسـتکراوی بەکارهێنابێـت، شـتەکان خۆماڵـی و ژیانکـردن، وەک کانیاوێکـی سـاف وشـەکانی لەبن ئاوەکـە و لەژێر تیشـکی مانگەشـەوی گەشـانەوەدا وەک وەسـفە شـیعرییەکەی (گـۆران)ی شـاعیر دەبریسـکێنەوە. لەبـەر چـڕی و بـە کـوردی نووسـیی، ئاسـان نییـە بەسـەر پێیـی خوێندنـەوە بـۆ گوتـار و مەبەسـتەکانی دەقەکـە بکەیـت، بـەڵام ئـەو خـۆی ناشـارێتەوە و وەک (مـن) قسـەکەرە و بەشـدارە و ڕێگـە بـۆ ئەوانـی دیکـەش خـۆش دەکات بئاخڤـن، ئـەو نابێژێـت مـن پاڵەوانێکـی هەمـوو شـتزانم، بەپێچەوانـەوە دەرفەتـی بەشـداری و پێوەندیکردنـی هاوبـەش بـە هەمـووان دەدات، واتـە مێـژوو هیـی هەمووانـە، هیـی تەنیـا کەسـێک نییـە، تەنیـا (بـۆرەی سـەگیش) وەک گیانەوەرێکـی بـە وەفـا و دڵسـۆز بەشـداریی ئـەم مێژووەیـە. (بـۆرەی سـەگ) یەکێکـە لـەو پاڵەوانانـەی دەرفەتێکـی زۆری بـۆ ڕەخسـێنراوە.

چیرۆکێکـی کـورت، پـڕ لـە مانـا و چڕ لـە وێناکردن و گێڕانـەوەی ڕووداوەکانـی دەیـان سـاڵ، نیشـانە و هێمـای بـۆ ناسـاندنەوەی شـتەکان پەیـڕەو کـردووە، گوتـاری ئێمـە، گوتـاری نەتـەوە و خاکـە. ئـەو خـۆی و بـۆرە بوونەتـە خاوەنـی بەهەشـتەکە، لەبیـری نەکـردووە بیابانییـەکان بـە بێگانـە و داگیرکـەر و نەفرەتلێکـراو و نامـۆ وەسـف دەکات.